# مێژووی ئەدەبی کوردی




**هێمن مەلا کەریم بەرزنجی**

کاتێك لە خوێندنەوەی بەرگی یەکەمی پەرتووکی مێژووی ئەدەبی کوردی-ی پرۆفیسۆر د. مارف خەزنەدار بوومەوە، قسەیەکی کۆچکردوو (دکتۆر موعین)ی زانای ئێرانم وەبیر هاتەوە، کە دەفەرمووێت: (دەترسم لەوەی کە زانایان و چاکەکان هەڵە بکەن)، چونکە وەك دەزانین هەڵەی زانایان وەك هەڵەی سەرکردەکان مەترسیدارەو لێرەو لەوێش خەڵکانێك هەن کە بەجۆری نادرووست سەرسامی زانایان دەبن و هیچ کاتێك و بەهیچ شێوەیەك هەڵەو کەموکورتیی ئەو زانایانە نابینن، هەر لەبەر ئەمەشە (دکتۆر عەلی شەریعەتی) دەفەرمووێت: (من هەمیشە لە مرۆڤە زانا و گەورەکان دەترسم، چونکە کاتێك هەڵەدەکەن زۆر خراپی لێدەکەوێتەوە و کاریگەریی زۆر ناپەسەند لەسەر هۆش و هەستەکان بەجێدەهێڵێ و ئیتر ناتوانرێ یان زۆر بەئەستەم دەتوانرێ بەرهەڵستیی لەگەڵدا بکرێت). وەلێ ئەمە بەمانای ئەوەنییە هەوڵ و ماندووبوونی گەورە زانایان بەرز نەنرخێندرێت، چونکە بەدڵنیاییەوە پاش هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر ئەو کەسانە بوونەتە کارناس و زانا لە بوارێکی دیاری کراودا. د. مارفیش وەك کارناس و زانایەکی گەورەی کورد هەوڵەکانی جێگەی ڕێزو دەستخۆشین و لانی کەم تەمەنی نووسەریی ئەو ئەوەندەو نیوی ماوەی ژیانی من دەبێت، هەربۆیە ڕێزو خۆشەویستیی تەواوم بۆی هەیەو باشی و مەزنیو هەوڵ و ماندووبوونەکانی ئەوم لەبەرچاوەو لێرەدا تەنها هەستی بەرپرسیاری وای لێکردم هەوڵبدەم ئەوەندەی

توانام بەسەریدا دەشکێت هەڵەکان ڕاست بکەمەوەو ئەمەش لە دڵسۆزیمەوەیە، چ بۆ مێژوو، چ بۆ ئەدەب، هەربۆیە داوای لێبووردن لە هەر هەڵەو کەموکورتییەك دەکەم و لەهەر شوێنێکدا بۆچوونەکانم ناجۆر و نادروست بوون و نەمپێکابوو داوای لێبووردنتان لێدەکەم. لەسەرەتادا ویستم لەسەر هەموو بەشەکانی ئەم پەرتووکە قسە بکەم، وەلێ زۆری نەبرد کە وەبیرم هاتەوە، پێش من (مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداخی) لەسەر بەشی دەستنووس و دەستنووسخانەکانی نووسی بوو[1] بۆیە بەپێویستم نەزانی قسەکانی مامۆستا قەرەداخی دووبارە بکەمەوەو کاتی خۆم و ڕووپەڕی بڵاوکراوەکەش پێوەداگیربکەم. ئەمە جگە لەوەی خۆم پاراستووە لە هەندێك بۆچوونی (دکتۆر مارف) بەتایبەت لەبارەی ئاینی ئەهلی هەق (کاکەیی)یەوە، چونکە هەندێك تەمومژی ئەو ئاینە تەنها بە ئەنجامدانی چەندان توێژینەوەی ئایناسی و بەراوردکاریی ئاینی ڕوون دەبێتەوەو ئەوەش هەم کاری من نییەو هەم کاتیشمان نییە، بۆیە کاتێك باس لە سوڵتان ئیسحاقی کاکەیی بەرزنجی دەکەم، تەنها قسە لەلایەنی مێژوویی دەکەم و خۆم لەقەرەی ئایناسی نادەم، زیاتریش هەوڵدەدەم بەکورتی باسی ئەو شاعیرانە بکەم، کە (دکتۆر مارف) فەرامۆشی کردوون و بۆم ڕوون نەبووەوە هۆکارەکەی چییەو بۆچی ئەمە ڕوویداوە.

**شاعیرە فەرامۆشکراوەکان**

چەندین شاعیر لەم بەرگەی مێژووی ئەدەبی کوردیدا فەرامۆش کراون و باسیان لێنەکراوە، لە کاتێکدا نموونەی بەرهەمەکانیان، ئەگەرچی کەمیش بێت، لەبەر دەست دایە، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی ئەو شاعیرانە فەرامۆش بکەین بەهۆی کەمیی بەرهەمیان و پێمان وابێت پێویستە شاعیر بەرهەمی زۆری هەبێت، چونکە هەندێك شاعیر مێژووەکەیان زۆر کۆنەو هەر باشیشە ئەو چەند پارچە شیعرانەمان بەدەست گەیشتووە.

من لێرەدا هەوڵدەدەم کورتەی ژیان و نموونەی شیعری ئەو شاعیرە فەرامۆشکراوانە بنووسم، کە زانیاریم لەبارەیانەوە هەیەو لێرەو لەوێ وتار و توێژینەوەو بابەتم لەسەریان خوێندۆتەوەو ئەو شاعیرانەش کە تەنها ناویانم بیستووە، لە کۆتاییدا ئاماژە بەناوەکانیان دەکەم و قسەکردن لەسەریان جێدەهێڵم بۆ ئەو کەسانەی زانیارییان لایە لەبارەیانەوە و دەیانناسن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە نەکەوینە هەڵەوە، بەم شێوەیە.

1. **حاجی مەلا عیسای بەرزنجی**

شاعیرمان ناوی (مەلا عیسای نوربەخشی بەرزنجی[2] کوڕی باباعەلی هەمەدانی کوڕی بابا یوسفی هەمەدانی)یەو ساڵی (666 کۆچی) لە(هەمەدان) لەدایکبووەو دوای خوێندنی کتێبە وردەڵە ئاینییەکان لای (بابا عەلی هەمەدانی)ی باوکی چۆتە لای زانای ناودار (خواجە ئیسحاقی خەتلانی)و (موحەمەد نوربەخشی هەراتی) برای، کە دامەزرێنەری تەریقەتی نوربەخشییەو تاوەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی لایان ماوەتەوەو پلەکانی فەقێیەتی (سوختە و موستەعید)ی لای ئەو دوو زانایە تەواو کردووەو خەرقەی تەریقەتی نوربەخشیشی لەلایەن (موحەمەدی نوربەخشی)ی برایەوە کراوەتە بەر، پاشان لەگەڵ (مەلا شێخ موسای بەرزنجی)ی برایدا هاتووە بۆ شارۆچکەی (بەرزنجە)ی ئێستاو ئەو شوێنەیان قەرەباڵغترو ئاوەدانتر[3] کردۆتەوەو ئەم هاتنە ڕێکەوتی ساڵی (686 کۆچی) بووە، کە هاوکات و لەو ساڵەدا (مزگەوت و حوجرەو مەدرەسەی بەرزنجە)یان دروست کردووەو تێیدا وانەیان وتۆتەوەو تەدریسیان کردووە.

پاشان (فاتمە خانی کچی حاجی مەلا خالیدی کاژاوی[4]) کە برازنی خۆی بووە، لە دوای مردنی براکەی دەخوازێ‌و سێ کوڕی لێی دەبێت، دواتریش (دایرەك خاتوونی کچی حسەین بەگی جەڵد) دەهێنێ ولەمیش نۆ کوڕی دەبێت و، هەموو کوڕەکانیشی وەکو خۆی زانای ئاینی و مەلا بوون، وەکو باوکیشیان شاعیر بوون، بەڵام هەموویان بەرهەمی شیعریان لێ بەجێنەماوەو هەندێکیان بەرهەمەکانیان فەوتاوەو هەندێکیشیان بەرهەمیان ماوە.

ئەم شاعیر و مامۆستا ئاینییە، مامۆستای چەندین کەسایەتی و پێشەوای ئاینی و سۆفیگەری ئەو کاتە بووەو هەندێکیانی پێگەیاندووە، واتە هەموو پلە عیلمییەکانی خوێندنیان لای ئەم بووەو هەندێکیشیان

بۆ ماوەیەك لای ئەم زانا و شاعیرە خوێندوویانە، لەوانە:(سوڵتان ئیسحاقی کاکەیی، شێخ ئەبوو سعودی بەغدادی، شێخ مەحمودی شەبستەری شەرح کەری گوڵشەنی راز، شێخ داودی دانەری نامیلکەی بیا داود، مەلا عەبدولکەریمی بەرزنجی، مەلا حەسەنی بەرزنجی، مەلا حسەینی بەرزنجیو......).

ئەم شاعیر و مامۆستا ئاینییە، وەکو لەو سەردەمانەدا باوبووە، پێشەوایەکی تەریقەتی دەروێشی بووەو، لەناو خەڵکیدا بە (شێخ عیسێ) ناوی هێنراوە، یەکەم جار تەریقەتی لە (خواجە ئیسحاقی خەتلانی) مامۆستای وەرگرتووەو پاشانیش تەریقەتی نوربەخشی لە (موحەمەدی نوربەخشی)ی برای وەرگرت و بەمەش تەریقەتی نوربەخشی هاتە ئەم بەشەی کوردستان.

ئەگەرچی هەندێك هۆنراوەی ئەم شاعیرە لەبەردەستدایە، بەڵام ژمارەیان زۆر کەمەو زۆربەی شیعرەکانی فەوتاون و لەوانەشە رۆژێك بێت بکەونەوە بەردەست، وەڵێ ئەوەی لەبەردەستدایە بەسە بۆ ئەوەی وەکو بەڵگەی شاعیرێتیی ئەم مەلاو پێشەوا ئاینییە بەکاربهێنرێت، لێرەدا چەند نموونەیەکی هۆنراوەکانی دەنووسین:

**نموونەی هۆنراوەی کوردی:**

پێمە شوکرانە، پێمە شوکرانە
واچن سەروماڵ بدەیم بەرانە
چوون دەستمانە تەحیق یەگانە
ویساڵگا لوایم جەویساڵ یانە

**لە هۆنراوەیەکی دیکەدا دەفەرموێت:**

حاجم چەرانە، حاجم چەرانە
حاجیان حاجم، حاجم چەرانە
حاجمی کەردەن پایەی خودانە
هەرکەس وێش مەجمۆگا وێش خەتانە

**نموونەی هۆنراوەی فارسی:**

کائنات است جسم ماجانیم
واصلات را دلیل و بورهانیم
خاتمی اولیای دور قمر
وارث فقر شاه مردانیم
گرچە مرغان عشق بسیارند
هەم چو عنقا امیر ایشانیم
میهر جامعیم جملە کون
هەرچە بود است هست ما انیم
گەر چە در ملك عشق عالم فقر
بر سرید شهود سلگانیم

ئەم شاعیرەمان جگە لە هۆنراوەکانی چەندان وتەشی بەیادگار لێبەجێماوەو لێرەدا نموونەی وتەکانی دەنووسین:

- هەموو گوناهێك ئەگەرچی بچوکیش بێت بەگەورە بزانن، چاکەش هەرچەندە زۆربێ بەکەم بزانن.
- دەتوانن فێری زانست ببن. چونکە بنیادەم هەربە زانست بەرز دەمێنێتەوە.

لە ساڵی (754 کۆچی)دا، (حاجی مەلا عیسای بەرزنجی) لەتەمەنی (88) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و لە گۆرستانی (بەرزنجە)و لەتەنیشت برا گەورەکەیەوە بەخاك سپێردراوەو شاعیر بۆ کۆچی دوایی دەنووسێت:




هو دليل و مرشد الشريعة
وهو الهادي لاهل الطريقة

**2. دایرەك خاتوون**

دایرەك خاتوون یەكێك لە هۆنەرە ناسراوو ناودارەك ۆنەكانی كوردەو زۆربەی هۆنراوەكانی لەناو (یارسان)ەكاندا پارێزراوە، چونكە دایكی (سوڵتان ئیسحاقی كاكەیی)ی نوێكەرەوە یان دامەزرێنەری كاكەییەكان و یەكێكە لە ناسراوترین كەسایەتییەكانی ئاین یان ئاینزای كاكەیی.

ئەم شاعیرە ناوی (دایرەك خاتوون كچی حسەین بەگی جەڵد)ە[5] و بەدایرەك ڕەزبار یان دایرەك ڕەمزبار ناسراوەو ژنی دووەمی مەلا شێخ عیسای بەرزنجییەو لە دوای مردنی هاوسەرەكەی لەگەڵ سوڵتان ئیسحاقی كوڕیدا بەرزنجەی جێهێشتووەو بەرەو هەورامان چوون، بۆ شێخان و پردیوەر و هەر لەوێش نێژراوە.

لە دایرەك ڕەزبارەوە زۆر هۆنراوە بە جێماوەو وەك شارەزایانی ئاینی یارسان[6] دەڵێن: (زۆربەی هۆنراوەكانی تایبەتە بە ڕێورچەی یارییەو لە تەنبوورلێدانیشدا مامۆستا بووە، زۆربەی هۆنراوەكانی خۆی بەدەم هەوای تەنبوورەوە خوێندۆتەوە)، ئەمەش نموونەی شیعری ئەو شاعیرەمانە:

ئەو سایەو شەمی، ئەو سایەو شەمی
بارگای شام وستەن ئەو سایەو شەمی
چەنی سێ تەنە بیام دەرهەمی
سیمرغ بیانی جەرای روستەمی

شاعیر لە هۆنراوەیەكی دیكەدا دەفەرموویێت:

ستونم بیا، ستونم بیا
خواجام شاهەنشا ستونم بیا
ئەر ئارەزوو بیم نەدەور دنیا

چەنی ماهیار بەهرامم دیا

**3. میر ئەحمەد (کاکەمیر)**

شاعیرمان ناوی میر ئەحمەد کوڕی حاجی مەلا عیسای بەرزنجییە و بە (میرە سوور)و (کاکەمیر یان میر کاکە) ناسراوەو خوێندنی فەقێیەتیی لای مەلا عیسای باوکی و مەلا عەبدولکەریمی بەرزنجیی برای بووەو لە توانا و شارەزای سوڵتان ئیسحاقی کاکەیی براشی بەهرەی وەرگرتووەو خەرقەپۆشی تەریقەتی نوربەخشی کردووە لە (حاجی مەلا عیسا)ی باوکییەوەو پاشان بۆ تەواوکردنی خوێندن و زیاتر فێربوون و شارەزابوون کەوتۆتە گەڕان و سەردانی بەغداد و دینەوەر و هەمەدان و شارەزوور و شام و زۆر شوێنی دیکەی کردووە، پاش تەواوکردنی خوێندنەکەی گەڕاوەتەوە بۆ گوندی (بەرزنجە) و پاشان بەدوای (سوڵتان ئیسحاق)ی برایدا ڕۆیشتووە بۆ هەورامان و لەگەڵیدا ژیانی بردۆتەسەر و لە زانستی یەکتری بەهرەمەند بوون و، لەوێ بۆ ماوەیەکی زۆر خەریکی دەرسوتنەوە بووەو پاشان چووە بۆ دێیەك، کە دواتر بەناوی خۆیەوە ناونراوە بە (میری سوور).

ئەم شاعیرە لەدوای خۆی زۆر هۆنراوەی بۆ بەجێهێشتووین، کە هەموویان لە پەرتووکی پیرۆزی کاکەییەکاندا، بە ناوی (سەرئەنجام) پارێزراوەو تۆمارکراوە، ئەمەش نموونەی هۆنراوەیەتی:

جە گێژو باری، جە گێژو باری
یارمان گیرا، جە گێژو باری
جاقوبەی مریەم ئەسکەندەر داری
میرەباش توجار هان جە ئازاری
* * *
پاگریەو زارە، پاگریەو زارە
حوسەین مەلاٚلیۆ، پاگریەو زارە
گیرانە دەست مەخلوق خارە
زامش پەی مەڵهەم بکەر تیمارە.

**سەرچاوەکان:**


1. بنەماڵەی مودەڕیسی بەرزنجی (پەڕتووکێکی دەستنووسە).
2. الرسالە الاشرافیە، دانراوی: شیخ محمود قطب، کەرکوکی گڵەزەردەیی بەرزنجی، ئەم پەڕتووکە بە زمانی فارسییە. (دەستنووسە).
3. ژیاننامەو یاداشت و بیرەوەری، بابا عەبدولکەریمی بەرزنجی، ڕێکخستن و پێداچونەوەو نووسینەوەی: هێمن مەلا کەریم بەرزنجی. (دەستنووسە).
4. پەیامی هەورامان، دانراوی: هادی ڕەشید بەهمەنی، چاپی دووەم، 2003، چاپ: چاپخانەو ئۆفسێتی بەدرخان - سلێمانی.
5. سەرجەمی بەرهەمی محەمەد ئەمین زەکی بەگ، ئامادەکردنی: سدیق ساڵح، یەکەم بەرگ، بنکەی ژین، سلێمانی 2005، شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی شڤان، زنجیرە17.
6. کورد و مێژوو، نووسینی: قادر ئەحمەدی، چاپی یەکەم 2005، چاپ: ئۆفسێتی قانع.